سیاسەت

# سەبعاوی ئیبراهیم تکریتی و کارەساتی سەرنگومکردنی هەشت هەزار بارزانی

د.عبدالستار تاهر شەریف / زانکۆی کەرکوک



سەبعاوی ئیبراهیم تکریتی،دوای ماوەنێک جرت و فرت لە نێوان سوریاو عێراق،بەمەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی حیزبی بەعس،لەدوای روخانی رژێمی حزبە فاشیەکەیان،بەردەوام بوو لەگەڵ گروپە تیرۆریستە توندڕەوەکانی ئیسلامی و پاشماوەی حزبە روخاوەکەیان،لە تیرۆرکردنی هەزارەها هاووڵاتی عێراقی "شەلم کوێرم ناپارێزم" بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە ژمارەیێکی تری خەڵکی عێراق بخاتە سەر ژمارەکانی قوربانییانی گەلی عێراق کەلەسەر دەستی خۆیو برا گەورەکەی صدام حسین بە کۆمەڵ کوژران و زیندەبەچاڵکران،یان لە کوردستان ئەنفال کران و لەهەڵەبجە کیمیاباران کران،بەڵام کورد وتەنی "سەگی هار چل رۆژ تەمەنیەتی" بەمکردەوانەش هەموو ئەچنە خانەی جینۆسایدەوە.ئەوەبوو لەم چەند رۆژانە دەستگیرکرا،هەندێ دەنگ و باس ئەڵێ ئاسایشی عێراق دەستگیری کردووە،هەندێکیتریش وای بڵاوکردۆتەوە کەوا سوریا تەسلیمی ئەمریکییەکانی کردوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی فشاری ئەمریکا لەسەریان دوای کوشتنی رەفیق حەریری،خۆ قسەی واش هەیە ئەڵێ کوردەکانی سوریا گرتوویانە.

بەهەرحاڵ چۆن گیرا،یان کێ گرتی هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ لەبەر ئەوەی ئەم خوێنرێژو فاشییە ئێستا لەیەکێ لە گرتوخانەکانی عێراق بەندەو چاوەڕوانی دوا رۆژی رەشی خۆی دەکا،بەشەوو رۆژ خەیاڵی پەتی سێدارەکەی لەبەرچاو بزرنابێ،ئەو پەتەی هەزارەها رۆڵەی کوردو عەرەبی پێ خنکێندران.

ئێمە لێرەدا وەك شاهیدێك لەسەر یەکێ لە کردەوەکانی ئەم فاشییە ئەگێڕینەوە:

لەساڵانی هەشتاکان ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بووم،لەئەنجومەنەکە ئەندامی "لیژنەی عیلاقاتی دەوڵی و عەرەبی" بووم،سەبعاوی ئیبراهیمیش یەکێ بوو لەئەندامی ئەم لیژنەیە،سەرۆکی لیژنەکە شەفیق کەمالی بوو،کە صدام حوسین ئەویشی زەهرخوارد کردو لەناوی‌دا.

دوای کارەساتەکەی لەناودانی ٨٠٠٠هەزار بەرزانی،زۆر مەبەستم بوو خەبەرێکی رۆڵە بەرزانییەکان بزانم بەتایبەتی دۆستایەتیم زۆر توند بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ عوسمان بەرزانی و هاتوچۆی یەکترمان ئەکرد بەو ماوەیەی کەلەبەغدا بوون.رۆژێکیان لەبارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی،دوای تەواوبوونی کۆبونەوەیێکی لیژنەکەمان،پرسیارم لە سەبعاوی کرد،ئایا مەسیری بەرزانییەکان دوای ئەوەی گیران،بەچی ئەگا؟

لەوەڵامدا پێمی ووت:(هەشت هەزار بەرزانییەکان کەلە قوشتەپە گرتیانمان و کۆیانمان کردەوە لەگەڵ شێخ عوسمان بەرزانی و عمادی کوڕی و ٣٦بەرزانی‌تر کە هەموو خزمووکەس و کاری بوون،راپێچیانمان کرد بۆ سەرسنووری سعودیە لای عەرعەر،قۆڵبەستیانمان کرد و چاویانمان بەستەوە،هەر هەموویانمان لە شێوێك لەسەردەم درێژکرد و بەتەیارەی هێلۆکۆپتەر گوللە بارانیانمانکرد و پاشان بە شۆڤڵ خۆڵبارانیانمان کرد)

بەم جۆرە خوێنرێژ و فاشی سەبعاوی زۆر بەخوێن ساردییەوە ئەم کارەساتەی بۆم گێڕایەوە،وەك بڵێی هیچیان نەکردبێ.

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و روخانی رژێمی بەعس،ئەو کاتە من لەنیوزلەندە پەناهەندە بووم،یەکسەر بە ئیمێل برووسکێیکم بەرێگای ئیمێلی رۆژنامەی "التآخي" و "خەبات"ەوە نارد بۆ جەنابی کاك مەسعود بەرزانی،ئەم زانیارییەم بۆی نووسی و بەڵێنم دا کە ئەگەر سەبعاوی دەستگیر بکرێ،ئەوا ئامادەم رۆژی موحاکەمەکردنی،ئامادەبم و ئەم شایەدییەی لەسەر بدەم،هەرچەندە وەڵامی ئیمێڵەکەم نەدرایەوە.

ئاشکراشە جارێکیان لە صدام یان پرسی ،مەسیری بەرزانییەکان بەچی گەیشتووە،لە تەلەفزیۆنی بەغدا ووتی:(ذهبوا الی جهنم و بئس المصير)منیش لێرەدا بە صدام حسین ئەڵێم :

(لا البرزانيون ذهبوا الی جنات ربهم،وان جهنم ينتظر الفاشي و الدكتاتور صدام حسين و اخوته وازلامه)